ڕێنماییەکانی چۆنیەتی دانان و پرۆگرامکردنی پەیوەندیکەری سیمکارتی

تایبەتمەندییەکانی:

- چالاککردن و ناچالاک کردنی ئامێری دزگر لەلایەن پەیوەندیکەرەوە لە ڕێگەی کورتەنامە و پەیوەندیکردن و بەرنامەی سۆفت وێری.
- هەبوونی 4میمۆری 8 چرکەیی(کەدەتوانرێت بگۆڕدرێت بە میمۆرییەکی 30 چرکەیی) بۆ تۆمارکردنی دەنگ.
- بەرنامەڕێژی کردن و کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە لە ڕێگەی (پەیوەندی
- دەنگی و کورتەنامە و بەرنامەکانی سۆفت وێری iOS,Android.

هەبوونی 6 ئاوتپوت کەدەتوانرێت لەڕێگەی کورتەنامە و پەیوەندی

- دەنگی و بەرنامەی سۆفتوێری کۆنترۆڵ بکرێن.

تواناى گۆڕینی حاڵەتی TONE/PULSE لە پەیوەندی کردنی تەلەفۆنی نۆرماڵ.

- ناونانی هەر (Trigger)ێک بە شێوەی جیا بە هەریەک لەزمانەکانی
- (کوردی،ئینگلیزی)

ڕێکخستنی ئاستی پاراستنی ئامێرەکە.

- لەڕێگەی ناردنی کورتەنامەوە دەتوانێت ئاگاداری بدات دەربارەی بچڕان
- و پێکەوە بەستنی بە کارەبا و تەلەفۆنی نۆرماڵەوە.

ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی لەڕێگەی سیم کارت و تەلەفۆنی نۆرماڵ.

- هەبوونی 30 دانە میمۆری ژمارەی تەلەفۆنی (SMS,GSM,LINE).

ڕێکخستنی Trigger بۆ هەردوو جۆری هەمیشەیی و کاتی.

وێنەو هێڵکاری چۆنیەتی دانان و ڕاکێشانی وایەر بۆ پەیوەندیکەری سیمکارتی وە پێکەوە گەیاندنی بە ئامێری سیستەمی دزگر



1- سەرچاوەی ووزەی ئامێرەکە(12V,2A).

2- شوێنی دانانی سیمکارت.

3- گڵۆپی نیشاندەری ئاستی شەبەکەی سیمکارت.

4- گڵۆپی نیشاندەری کارەبای سەر ئامێرەکە.

5- شوێنی بەستنی ئەنتێنای سیمکارت(GSM).

6-سپیکەری ناوەوە(Local Speaker) .

7- مایکرۆفۆن.

8- جەمپەری Check Line (کە زانیاری و ڕاپۆرت دەدات دەربارەی بچڕاندنی هێڵی تەلەفۆن).

ڕێنمایی خێرا بۆ بەرنامەڕێژی کردنی ئامێرەکە لە ڕێگەی پەنەڵەکەوە

لەم لایەوە بیخوێنەرەوە ←

تۆمارکردنی ژمارەی تەلەفۆن بۆناردنی پەیامی(SMS)	ENTER +ژمارەی تەلەفۆن+ ENTER + ژمارەی میمۆری0تا9 + MEM
تۆمارکردنی ژمارەی تەلەفۆن بۆپەیوەندی کردن لە(ئاگادارکردنەوە) لە ڕێگەی سیم کارت(GSM)	ENTER +ژمارەی تەلەفۆن+ ENTER + ژمارەی میمۆری 10تا 19 + MEM
تۆمارکردنی ژمارەی تەلەفۆن بۆپەیوەندی کردن لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆن(LINE)	ENTER + ژمارەی تەلەفۆن + ENTER + ژمارەی میمۆری 20تا 29 + MEM
بینینی ژمارەکانی ناو میمۆری	CHECK + ژمارەی میمۆری + MEM
تێست کردنی ژمارەکان یان ناردنی پەیام	MESSAGE + ژمارەی میمۆری + MEM
سڕینەوەی ژمارەکانی ناو میمۆری	ENTER + ENTER + ژمارەی میمۆری + MEM
دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەمی دزگر (RESET FACTORY)	داگیرساندنی ئامێرەکە + پەنجە ڕادەگریت لەسەر دوگمەی + MEM
تۆمارکردنی هەموودەنگەکان	ENTER + تۆمارکردنی دەنگ + ENTER + MESSAGE
کارپێکردنی هەموودەنگەکان	CHECK + MESSAGE
تۆمارکردنی دەنگی جیا	ENTER + تۆمارکردنی دەنگ + ENTER + ژمارەی داغڵ کراو + MESSAGE
کارپێکردنی دەنگی جیا	CHECK + ژمارەی داغڵ کراو + MESSAGE
پڕکردنەوەی باڵانسی سیمکارت	ENTER + ئاسیاسێل: #کۆدی پڕکردنەوەی باڵانس*133* کۆرەک تیلیکۆم: #کۆدی پڕکردنەوەی باڵانس*221* + 3چرکە دەست لە سەر دوگمەی CHECK ڕادەگریت
بینینی باڵانسی سیم کارت	ENTER + ئاسیاسێل: #133* کۆرەک تیلیکۆم: #211* + 3چرکە دەست لە سەر دوگمەی CHECK ڕادەگریت
ئاستی پاراستنی ئامێرەکە(SECURITY)	گۆڕینی بۆ حاڵەتی HIGH: ENTER + ① گۆڕینی بۆ حاڵەتی MID: ENTER + ② + 3چرکە دەست لە سەر دوگمەی ENTER ڕادەگریت
گۆڕینی کۆدی چوونە ژوورەوە	ENTER + تۆمار کردنی کۆدی پێشو + تۆمار کردنی کۆدی نوێ (2 جار) + 3چرکە دەست لە سەر دوگمەی ④ ڕادەگریت
ڕێکخستنی جۆری چالاکی (کاتی-هەمیشەیی)(ALL/MOM)	ENTER + ALL: → ① MOM: → ② + 3چرکە دەست لە سەر دوگمەی # ڕادەگریت
گۆڕینی حاڵەتی پەیوەندی کردن بە تەلەفۆنی نۆرماڵ:TONE/PULSE	ENTER + TONE → ① PLUSE → ② + دەست دانان لەسەر دوگمەی ⑧
ئاستی شەبەکەی سیم کارت	دەست دانان لەسەر دوگمەی ⓪
بینینی بارکۆدی ئامێرەکە/ گەڕانەوە بۆ لیستی پێشتر	دەست دانان لەسەر دوگمەی ⊛

چەند خاڵێکی گرنگ

*ئامێرەکە بە 12V.DC کاردەکات.

*تریگەر ئینپوتی ئامێرەکە بۆ نزیکەی 5 تا 12 ڤۆڵت کاردەکات.

١-ووشەی نهێنی سەرەتایی بۆ هەموو هەنگاوەکانی بەرنامەڕێژی و کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە بریتیە لە 0000 .

٢-ئەگەر سیم کارتێکی نوێ بەکاردەهێنیت دڵنیابەرەوە لەوەی کەدەبێت (PIN CODE)ە کەی ناچالاک بێت.

٣-لەکاتێکدا لە حاڵەتی TONE لە ڕێگەی تەلەفۆنی نۆرماڵەوە پەیوەندی کردن ئەنجام نەدرا،پێویستە لەڕێگەی PULSEوە ئەم کارە تاقی بکرێتەوە.

٤-لەجیاتی ناردنی فەرمانەکان لەڕێگەی کورتەنامە(SMS)،دەتوانیت ئەپڵیکەیشن بەکاربهێنیت بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە بۆ کەم کردنەوەی هەڵەکان و ئاسانی لەکارکردندا.

٥- ئاستی شەبەکەی سیم کارت لە(٠ هەتا ٣٢)ە، وە لە(٢٠)بەرەوسەر ئاستی شەبەکەی سیمکارتەکە زۆرباشە.

٦-ئەگەر پێویست بە ئاگادارکردنەوە لە بچڕانی تەلەفۆن نەکرد بە هۆکاری هەبوونی کێشە لەهێڵەکەدا، تەنها ئەوەندە پێویستە کە جەمپەری بەستراوی سەربۆردی ئامێرەکە لاببەیت.(ژمارە٨ لەسەروێنەی فێرکاری).

٧-وا باشترە ئامێرەکە ڕیسێت بکرێتەوە لەکاتێکدا کە بۆ یەکەمین جارە بەکاریدەهێنیت، بەو شێوەیە سەرەتا دەبێت ئامێرەکە کوژابێتەوە وە بە بەردەوامی پەنجە لەسەر دوگمەی MEM دابگرە و لەهەمان کاتدا بیگەیەنە بە کارەباوە، هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام پەنجە لەسەر دوگمەی MEM دابگرە هەتا دەنگی (beep) دەبیستیت، پاشان وشەی (RESET)لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت و پەنجەت لەسەر دوگمەکە لابەرەو چاوەڕوان بە هەتا ئامێرەکە بەشێوەیەکی تەواو ئامادە دەبێت.

٨-هەبوونی گڵۆپی LEDی ڕەنگی سەوزی سەرشاشەی بۆردەکە(ژمارە ٣ لەسەر وێنەی فێرکاری) ئاماژە دەدات بە شەبەکەی سیمکارتەکە، دوای تەواو ئامادەکردنی ئامێرەکە ئەگەر گڵۆپی LEDەکە(٣ جار) دابگیرسێت،ئەمەش بەمانای هەبوونی شەبەکەی سیمکارت دێت، بەڵام بە پێچەوانەوە بەشی سیم کارتەکە کارناکات وە ناردنی نامە و ئەنجامدانی پەیوەندی کارناکات.

نموونەیەک لەسەر پێکەوەبەستنی ئامێرە کارەباییەکان بە پەیوەندیکەرەوە

بۆ ئاگاداربوون دەربارەی بوونی کێشە یان ئاگادارکردنەوەی ئاگر لە سیستەمی فایەر ئەلەرم یان هەر جۆرە ئاگادارکردنەوەیەک لە ئامێرە کارەباییەکانەوە، تەنها ئەوەندە پێویستە کە ریلەی سەر ئامێرەکە بە پەیوەندیکەرەوەکەوە ببەسترێتەوە بەپێی ئەو وایەر ڕاکێشانەی کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، ئامێرەکەهەڵدەستێت بەئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرەکە لەڕێگەی ناردنی کورتەنامەی پەیوەندیدار بەو بابەتە و ئەنجامدانی پەیوەندی کرد لەڕێگەی سیم کارت و تەلەفۆنی نۆرماڵ و لەهەمان کاتدا کارپێکردنی دەنگی تۆمارکراو.



ئەگەر COM ی ریلەی هەرئامێرێک بە+12V ی پەیوەندیکە رەوەکەوە ببەستیت، پێویستە ڕیلەی(NC)و(NO)ببەستیتەوە بەتریگەری (1)و(2)، وە وە ئەگەرCOMبە(GND)ی پەیوەندیکە رەوەکەوە ببە ستیت، پێویستە ڕیلەی(NC)و(NO) ببە ستیتەوە بەتریگەری (3)و(4).



ئەگەر ئامێری کردنەوەی دەرگا کە بە ئاوتپوتی ئەم ئامێرەوە ببەسترێتەوە، دەتوانرێت لەڕێگەی ناردنی کورتەنامەوە(SMS) دەرگاکە کۆنترۆڵ بکرێت.

پێویستە ئامێری کردنەوەی دەرگا بە شێوەیەکی کاتی دابگیرسێت، بەڵام بە پێچەوانەوە داگیرساندنی بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی سوتاندنی ئامێرەکە.

ڕێنمایی خێرای بەرنامەڕێژی کردنی ئامێرەکە لە ڕێگەی کورتەنامەوە(SMS)

گەڕانەوەی داتاکانی کۆنترۆڵ پەنەڵ بۆ داتاکانی کۆمپانیا Factory Reset	*RS0000
تۆمارکردنی ژمارە تەلەفۆن لە ناو میمۆری SMS دا	*SA0000 ژمارەی تەلەفۆن،ژمارەی میمۆری — *میمۆری ژمارە 0 تا 9 بۆ نموونە دەمانەوێت ژمارە07136000000بە کورتەنامە لەناومیمۆری 3 دا تۆمار بکەین: *SA0000307136000000
تۆمارکردنی ژمارە تەلەفۆن لە ناو میمۆری GSM دا	*GA0000 ژمارەی تەلەفۆن،ژمارەی میمۆری — *میمۆری ژمارە 0 تا 9
تۆمارکردنی ژمارە تەلەفۆن لە ناو میمۆری LINE دا	*LA0000 ژمارەی تەلەفۆن،ژمارەی میمۆری — *میمۆری ژمارە 0 تا 9
بینینی ژمارە تۆمارکراوەکانی ناو میمۆری SMS,GSM,LINE	*CA0000
بینینی حاڵەتی (Input)ەکانی TRIG	*CT0000
وەستاندنی پەیوەندی کردن لەکاتی چالاک بووندا	*OK0000
بینینی بڕی باڵانسی سیمکارتی پەیوەندیکەر	Asiacell: *CH000005*133# KOREK: *CH000005*211#
پڕکردنەوەی باڵانسی سیمکارتی پەیوەندیکەر	ئاسیاسێل: *CH000022*133*ژمارەی نهێنی کارتەکە # کۆرەک تیلیکۆم: *CH000022*221*ژمارەی نهێنی کارتەکە #
بینینی ئاستی شەبەکەی سیم کارت	*AN0000
بینینی حاڵەتی دەرچوونەکان(OUT)	*CR0000
چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی دەرچوونەکان(OUTPUTS)	*R(1-6)ژمارەی ریلەی0000 {ON داگیرساندن، OFF کوژاندنەوە، NF کاتی} (نموونە) *R30000NF بە ناردنی ئەم پەیامە دەرچووی 3 بە شێوەیەکی کاتی دادەگیرسێت
ناونانی(INPUTS)ئینپوتەکان	*M (Input)ناوێک بەپێی ئارەزوومەندی 0000بەپێی خواستی خۆت نموونەیەکی ناو *MB0000 A: TRIG1، B: TRIG2، C: TRIG3، D: TRIG4، E: [illegible]، F: [illegible]، G: [illegible]
گۆڕینی وشەی نهێنی	*PS وشەی نهێنی ئێستا وشەی نهێنی نوێ — نموونە: *PS00001234
چالاک کردنی ئامێری دزگر	*AR0000
ناچالاک کردنی ئامێری دزگر	*DI0000
نیوەچالاک کردنی ئامێری دزگر	*HA0000
ڕێکخستنی جۆری چالاک بوون هەمیشەیی/کاتی ALL/MOM	ALL: *AM0000A — MOM: *AM0000M

*مەبەست لە(0000) وشەی نهێنی سەرەتاییە لەم خشتەیەدا،ئەگەر وشە نهێنییەکەت گۆڕی،ئەواوشەی نهێنی نوێ بەکاربهێنە.

*تەواوی نامەکان کە بۆ ئامێری دزگرەکە نێرراوە پێویستە بەپیتی گەورەی زمانی ئینگلیزی بێت و فەرمانەکانیش بەبێ هەبوونی مەوداڵە نێوانیاندا بنێررێت.

کارەبای(12V)

بۆ پێکەوەبەستنی وایەرەکان بەشێوەیەکی دروست، پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە.ئەم ئامێرە پێویستی بەکارەبای12 تا 14ڤۆڵتی (2 ئەمپێر)هەیە.

هێڵی تەلەفۆن(TEL)

ئەم تێرمیناڵە بۆ پێکەوەبەستنی هێڵی تەلەفۆنە.ئەگەر هێڵی تەلە فۆنەکە بچڕابێت یان وایەری تەلەفۆنەکەت پێکەوەنە بەستبێت،ئامێرەکە دوای هەر جارێک لە داگیرساندن نامەی بچڕاندنی هێڵی تەلەفۆن دەنێرێت.

ئینپوتی 1 و 2 (TRIG+)

ئینپوتێکەکە لەڕێگەی 5 تا 12 ڤۆڵت چالاک دەبێت.ئینپوت(Input)بەو مانایەدێت کەلەئاوتپوتی(Output) ئامێرە ئەلکترۆنییەکان(مەبەست لەو ئامێرانەیە کەنابێت بەبێ ڕێگەپێدان دابگیرسێنرێت یان بکوژێنرێتەوە یان ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوە)بەئینپوتی(Input)پەیوەندیکەرەوەدەبەسترێتەوە ،لەکاتی کوژاندنەوە یان داگیرساندنی ئامێرەکە لەڕێگەی پەیوەندیکەرەوە لەڕێگەی کورتەنامە(SMS) و پەیوەندی کردن لەڕێگەی سیم کارت وتەلەفۆنی نۆرماڵ)ەوەبەکارهێنەرەکان ئاگاداردەکاتەوە.

بۆ نموونە دەتوانرێت ماتۆڕێکی ئاوی بیری کشتوکاڵی بەپەیوەندیکەرێکەوە ببەسترێتەوە کەلەهەرکاتێک و بە هەرهۆکارێک بێت ماتۆڕی بیرەکە بکوژێتەوە یان دابگیرسێت بەکارهێنەرەکان ئاگاداردەکاتەوە.

ئینپوتی3 و 4 و 5 (TRIG-)

ئینپوتێکە کەلەڕێگەی ڤۆڵتی(-)چالاک دەبێت.

بەپێی جۆری ئامێرەکە ئەم ئینپوتە(Input)دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

سەرنج: ئینپوتی 5 تایبەتمەندە بۆ پێکەوەبەستنی بەئامێری دزگر.

ئاوتپوتی 1 و 2 و 3 و 4 {-OUT}

ئاوتپوتەکان(Outputs)دەتوانرێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێرە کارەباییەکانی وەک گڵۆپەکان ، فێنککەرەوەکان ، بەرزکەرەوەکان و..... هتد. بەکاربهێنرێت، ئەمەش بەو مانایەی کە دەتوانرێت ئامێرە کارەباییەکان لەدوورەوە دابگیرسێنرێت یان بکوژێنرێتەوە لەڕێگەی پەیوەندیکردن ، کورتەنامە یان بەرنامەی سۆفتوێر

پێکەوەبەستنیان بە پەیوەندیکەرەوە لەڕێگەی ئامێری ریلەی یەوە دەبێت . لەم ئامێرەدا (چوار)ئاوتپوت هەیە.زۆرترین تەزووی کارەبای ئاوتپوت (100mA) ە. پێویستە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێرە کارەباییەکان ئامێری ریلەی بەکار بهێنرێت .

OUT 1,2,3,4 : ئەم ئاوتپوتانە وەک ئاوتپوتێکی سەربەخۆ کاردەکەن.

OUT 5,6 : ئەم دوو ئاوتپوتە دەتوانرێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێری دزگر و هەروەها لەهەمان کاتدا وەک ئاوتپوتێکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن (بەرنامەڕێژی ئەم دوودانەیەجیاوازە و لەبەشەکانی دواتردا ڕوون دەکرێتە وە).

دەرچوونەکان/تایبەتمەندی یەکانی	پەیوەندی	پەیام (نامە)/سۆفت وێر
OUT 1	بەردەوام	بەردەوام وکاتی
OUT 2	بەردەوام	بەردەوام وکاتی
OUT 3	بەردەوام	بەردەوام وکاتی
OUT 4	بەردەوام	بەردەوام وکاتی

چۆنیەتی پێکەوەبەستنی ریلەی بە ئاوتپوتەکان

بۆ بەکارهێنانی هەر ئاوتپوتێک ریلەیەکی 12Vڤۆڵتی پێویستە، ئاوتپوتی ئامێرەکە ڤۆڵتاژێکی سالبی (GND)هەیە،بۆ بەکارهێنانی ریلەی پێویستە کەدوو کۆیلی ریلەیەکە ببەسترێت بە -OUT و +12V وە بەکارهێنانی تێر مینالەکانی(COM,NO,NC)بۆ داگیرساندن و کوژاندنەوەی ئامێرە کارە باییەکان (بە بەکارهێنانی ریلەیەک یان کۆنداکتەرێکی گونجاو ئەوەش بەپێی تەزووی کارەبای بەکارهێنراوی ئامێرەکە).



ژمارەی تێرمینال	5	4	3	2	1
ناوی تێرمینال	+12V	-12V	COM	NC یان NO	NC یان NO



بۆ ئاسانی دانان و کاری خێراتر بۆردی یەک یان چوار ریلەی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت کەلەلایەن کۆمپانیاوە بەرهەمهێنراوە.لەم شێوەیەی خوارەوەدا چۆنێتی پێکەوەبەستنی گڵۆپ بە بۆردی یەک ریلەیی ڕوون کراوەتەوە.

A(ARM)/D(DISARM)- بۆ چالاککردن و ناچالاککردنی ئامێری دزگری بەستراو بە پەیوەندیکەر

بەشێوەیەکی دروست ئەم تێرمیناڵە بە تێرمیناڵەکانی (A)و(D)ی ئامێری دزگرەکەوە ببەستەرەوە. A(ARM):بۆ چالاک کردنی ئامێری دزگرو D(DISARM): بۆ ناچالاک کردنی ئامێری دزگرەکە.

لەکاتی پێویستدا دەتوانیت ئەم دوو ئاوتپوتە(Outputs)وەک ئاوتپوتێکی سەربەخۆ بەکاربهێنیت (ئەگەر پەیوەندیکەر بە ئامێری دزگرەکەوە نە بەسترابێت)، ئەم دوو ئاوتپوتەبەشێوەیەکی بەردەوام(ON,OFF)و کاتی(NF) تەنها لە ڕێگەی کورتەنامەوە(SMS)دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. چۆنیەتی کارکردنی پەیوەندیکەر بەو جۆرە لەڕێگەی داواکردنی ڤۆڵتاژێکی کاتی نێگەتیڤ(-)لەسەر تێرمیناڵی(A)ئامێری دزگرەکە چالاک دەبێت ،لەهە مان کاتدا لەسەرتێرمیناڵی (D)ئامێری دزگرەکە ناچالاک دەبێت.لەکاتێکدا ڤۆڵتاژی نێگەتیڤ لەسەر هەردووتێرمیناڵەکە بێت ئامێری دزگرەکە نیوە چالاک دەبێت.

ئاگادارکردنەوە دەربارەی بچڕاندن و گەیاندنی بەکارەباوە (PWRCHECK)

لەڕێگەی بچڕان و بەیەکەوە گەیاندنی (12V.AC یان DC) بەستراو بەم تێرمیناڵەوە ئامێرەکە دەربارەی بچڕانی کارەبا ڕاپۆڕت بۆ بەکارهێنەرەکان دەنێرێت.

-ئەگەر پەیوەندیکەرەکە بە هەر ئامێرێکی کارەباییەوە ببەستیتەوە تەنها ئەوە پێویستە کەبەشێک لەوایەرە ڕەنگ سوورەکانی محاویلەکە جیا بکەیتەوەو بیبەستیتەوە بەم تێرمیناڵە PWRCHECK لەم تێرمیناڵەدا ڕاپۆرتی ئاگادارکردنەوە تەنها پشت بەناردنی کورتەنامە(SMS) دەبەستێت .ئەگەر پێویستت بە ڕاپۆرت هەبێت لەڕێگەی پەیوەندی دەنگی یەوە، پێویستە کە ئەداپتەرێکی (12V)بەکارەباوە بگەیەنرێت و (+)و(-) ئەداپتەرەکە بەکۆیلی ریلەیەوە ببەسترێت ،تێرمیناڵی (NO)و(NC)بە(Triggers) ببە سترێت ، وە تێرمیناڵی(COM)بە کارەبای پەیوەندیکەرەوە بگەیەنرێت بەپێ ی جۆری (Trigger)ە کە(+ یان -).لەم حاڵەتەدا لەکاتێکدا بە بچڕاندن و گەیاندنی بەکارەبا ،سەرەتا پەیوەندیکەر نامە دەنێرێت کەبۆ هەر (Trigger)ێک خەزن بووە ،پاشان پەیوەندی ودەنگی پەیوەندیدار لەڕێگەی سیم کارت و تەلەفۆنی نۆرماڵ کارپێدەکرێن.

بۆ چوونە ناو بەشی ڕێکخستنەکان سەرەتا پێویستە ووشەی نهێنی داغڵ بکەیت(ئەوەش وشەی نهێنی سیستەمەکەیە)ئەگەر بۆ زیاتر لە(2 دەقیقە) کار بەئامێرەکە نەکەیت،ئەوا ئامێرەکە قفڵ دەبێتەوە. بەدەست داگرتن بەبەردەوامی بۆ ماوەی5 چرکە لەسەر دوگمەی * ڕاستە وخۆ ئامێرەکە قفڵ دەبێت. ئەگەر پێویستی کرد دەتوانیت ئەم وشەی نهێنی یە لە لیستی سەرەکیدا بگۆڕیت لەڕێگەی دەست داگرتن لەسەر دوگمەی ④.وشەی نهێنی سەرەتایی ئامێرەکە 0000 ە.

ڕێکخستنی ئاستی پاراستنی ئامێرەکە(SECURITY)-(ئاستی بەدەست هێنانی داتا)

بەدەست دانان بە بەردەوامی لەسەر دوگمەی ENTER بۆماوەی 3چرکە دەچیتە ناو ئەم لیستە کە دەتوانیت ئاستی پاراستنی ئامێرەکە لەم بەشەدا دیاری بکەیت، لەسەرەتادا حاڵەتی پێشتری ئامێرەکە پیشان دەدات، بە فشار خستنە سەر دوگمەی ژمارە ① دەگۆڕدرێت بۆ حاڵەتی (HIGH)، وەبە فشار خستنە سەر دوگمەی ژمارە ② دەگۆڕدرێت بۆ حاڵەتی (MID).لەکاتێکدا کە ئامێرەکە لەسەر حاڵەتی(MID)ڕێکبخرێت، هەموو کەسێک دەتوانێت ئامێرەکە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لەکاتێکدا لەسەر حاڵەتی(HIGH)دانرابێت، تەنها ئەو کەسانە دەتوانن سیستەمی دزگرەکە کۆنترۆڵ بکەن کە ژمارەکەیان لەمیمۆری یەکەدا لە(١٠ بۆ ١٤) تۆمارکرابێت.

ڕێکخستنی جۆری چالاکبوون(کاتی/MOM - بەردەوام/ALL)

دەچیتە ناو لیستی(ALL/MOM) لە ڕێگەی دەست داگرتن بۆ ماوەی 3 چرکە بەبەردەوامی لەسەر دوگمەی # لەسەرەتادا حاڵەتی پێشووی ئامێرەکە پیشان دەدات،کە لە دواییدا دەتوانیت بیگۆڕیت لەڕێگەی دەست داگرتن لەسەر دوگمەی ژمارە ① حاڵەتەکە دەگۆڕێت بۆ(ALL)و بەهەمان شێوە لە ڕێگەی دەست داگرتن لەسەر دوگمەی ژمارە 2 حاڵەتەکە دەگۆڕێت بۆ(MOM).ئەگەر لەسەر حاڵەتی(ALL)بێت ،ئامێرەکە بەردەوام دەبێت لە پەیوەندی کردن بەهەموو ژمارەکان ئەگەر ئینپوتی چالاک بوون بپچڕێت بەڵام ئەگەر لە حاڵەتی(MOM)دیاری کرابێت،ئامێرەکە هەڵدەستێت بەئەنجام دانی پەیوەندی تەنها لەوکاتەدا کە بەئینپوتەکەوە (Input)بەسترابێت،بەڵام دوای بچڕانی ئینپوتەکە(Input)پەیوەندی کردنەکە بەردەوام نابێت.

تۆمارکردن و کارپێکردنی دەنگی ئاوتپوتی ریلەکان و بەشی کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە

ئەم دەنگە لەسەر ئامێرەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی بوونی هەیە، بۆ گۆڕینی ئەم دەنگە لەلیستی سەرەکیدا سەرەتا دەست لەسەر دوگمەی MESSAGE دابگرە و پاشان دوگمەی ژمارە ⓪.دوای داگرتنی دوگمەکە، دەنگەکە تۆماربکە بەم شێوەیە لەڕێگەی پیشاندانی هەر نووسینێک لەسەرشاشەی(LCD)یەکە،لەدوای بینینی وشەی(START)دەنگی پەیوەندیداربەو نووسراوە تۆماربکە بۆ کارپێکردنی لەهەمان لیستدا پەنجە لەسەر دوگمەی ژمارە ⑨ دابگرە.

گۆڕینی وشەی نهێنی ئامێرەکە

لە ڕێگەی دەست داگرتن بۆ ماوەی ٣ چرکە بە بەردەوامی لەسەر دوگمەی ژمارە ④ لەلیستی سەرەکیدا دەتوانیت بچیتە ناو لیستی گۆڕینی وشەی نهێنی، لەسەرەتادا پێویستە وشەی نهێنی پێشوو داغڵ بکەیت پاشان(٢ جار) وشەی نهێنی نوێ داغڵ بکەو دەست لەسەر دوگمەی ENTER دابگرە بۆ دووپات کردنەوەی وشەی نهێنی تازە.

تۆمارکردن و کارپێکردنی دەنگی چالاکبوون

ئەگەر هەر ئینپوتێک(Input)چالاک بووبێت(بەپشت بەستن بە جۆری دەنگی تۆمارکراو) ئامێرەکە دەنگە تۆمارکراوەکە بۆ بەکارهێنەرەکان کارپێدەکات لەڕێگەی پەیوەندی کردن.دوو ڕێگا هەیە بۆ تۆمارکردنی دەنگ بۆ ئینپوتەکان : ڕێگای گشتی و جیاجیا

ڕێگای گشتی: دەتوانرێت دەنگەکە هەتا (٣٠ چرکە)تۆماربکرێت

تۆمارکردن ENTER + تۆمارکردنی دەنگ+ ENTER + MESSAGE →

CHECK + MESSAGE →

ئەگەر بەم ڕێگایە دەنگێک تۆماربکەیت تەنها یەک دەنگی گشتی بەردەستە کەبەشێوەیەکی یەکسان دابەش بووە لەکاتی چالاک بوونی هەرئاوتپوتێک (Output) کارپێدەکرێت.

سەرنج: ئینپوتەکانی (Inputs) یەکەم وسێ یەم لەهەنگاوی چالاک بووندا تەنها ئەم دەنگەکارپێدەکەن لەکاتی پەیوەندی کردندا بۆ ئینپوتەکانی (Inputs) دووەم و چوارەم تەنها کورتەنامە(SMS)بۆ بەکارهێنەرەکان دەنێرێت

ڕێگای جیاجیا:مەبەست لە ژمارەی ئینپوت، ئینپوتەکانی(1 تا 4)ە.

تۆمارکردن: ENTER تۆمارکردنی دەنگ ENTER + ژمارەی ئینپوتInput + MESSAGE →

کارپێکردن: CHECK + ژمارەی ئینپوتInput + MESSAGE →

دەتوانێت چوار دەنگ تۆماربکات کەماوەکەیان 8 چرکە بێت.

لەم ڕێگایەدا دەتوانرێت دەنگی جیا جیا تۆماربکرێت بۆ هەریەک لە ئینپوتەکان.

سەرنج:ئەگەر دەنگی جیاجیا بۆ ئینپوتەکان تۆماربکرێت، لەکاتی چالاک بوونی ئینپوتەکان ،تەنها کورتەنامە(SMS)دەنێرێت بۆ بەکارهێنەرەکان و پەیوەندی کردن ئەنجام نادرێت.

شێوازی کارکردنی ئینپوتەکان(TRIG)

چۆنیەتی کارکردنی ئینپوت(TRIG) پشت بە جۆری تۆمارکردنی دەنگ دەبەستێت.

جۆری یەکەم : تۆمارکردنی دەنگ بەشێوەیەکی گشتی.

ئەگەر تەنها دەنگی گشتی تۆماربکرێت،کارکردنی ئینپوت(TRIG) و چۆنیەتی پەیوەندی کردن پێیانەوە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە :

تۆمارکردنی دەنگێکی(30چرکەیی)				
LINE پەیوەندیکردن لە ڕێگەی تەلەفۆنی نۆرماڵ	GSM پەیوەندی کردن لەڕێگەی سیم کارت	SMS ناردنی کورتەنامە	جۆری (TRIG)	(TRIG)
میمۆری 20تا29	میمۆری 10تا19	میمۆری 0تا9	+	1
------------	------------	میمۆری 0تا9	+	2
میمۆری 20تا29	میمۆری 10تا19	میمۆری 0تا9	-	3
میمۆری 29،28،27	------------	میمۆری 9،8،7	-	4
------------	------------	میمۆری 2،1،0	-	5

لەکاتێکدا ڤۆڵتاژی نێگەتیڤ(-)دەگەیەنرێت بە(TRIG5)نووسینی(ARM)بۆ ژمارە میمۆرییەکانی (0,1,2)دەنێرێت.وە بە بچڕاندنی نووسینی(DISARM) بۆ ژمارە میمۆری یەکانی (0,1,2)دەنێرێت.

جۆری دووەم : تۆمارکردنی دەنگ بەشێوەی جیاجیا

ئەگەر دەنگەکە بۆ هەر ئینپوتێک(TRIG)بە شێوەی جیاجیا تۆماربکرێت،کارکردنی ئینپوتەکان(TRIG)و چۆنێتی پەیوەندی کردن پێیانەوە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

(4)دەنگی8 چرکەیی				
LINE پەیوەندیکردن لە ڕێگەی تەلەفۆنی نۆرماڵ	GSM پەیوەندی کردن لەڕێگەی سیم کارت	SMS ناردنی کورتەنامە	جۆری (TRIG)	(TRIG)
میمۆری 20تا29	میمۆری 10تا19	میمۆری 0تا9	+	1
میمۆری 20تا29	میمۆری 10تا19	میمۆری 0تا9	+	2
میمۆری 20تا29	میمۆری 10تا19	میمۆری 0تا9	-	3
میمۆری 29،28،27	میمۆری 19،18،17	میمۆری 9،8،7	-	4
------------	------------	میمۆری 2،1،0	-	5

ئەگەر هیچ دەنگێک لەسەر هەر(TRIG)ێک تۆمارنەکرابێت لەکاتی چالاک بووندا،تەنها کورتەنامەیەک(SMS)دەنێرین.

تۆمارکردنی ژمارەی تەلەفۆن لە میمۆری ئامێرەکەدا

ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە دەتەوێت تۆماری ئامێرەکەی بکەی بۆ ناردنی کورتەنامە(SMS) بۆ ئەو ژمارانە لە ژمارە میمۆری یەکانی (0 تا9) تۆماری بکە.

ENTER +ژمارەی تەلەفۆن+ ENTER +ژمارەی میمۆری(0تا9)+ MEM

ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە دەتەوێت لەڕێگەی سیمکارت(GSM) پەیوەندییان پێوەبکات لەژمارە میمۆرییەکانی(10 تا 19)تۆماری ئامێرەکەی بکە.

ENTER +ژمارەی تەلەفۆن+ ENTER +ژمارەی میمۆری(10تا19)+ MEM

ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە دەتەوێت لەڕێگەی تەلەفۆنی نۆرماڵ (LINE) پەیوەندییان پێوەبکات لە ژمارە میمۆرییەکانی(20 تا29) تۆماری ئامێرەکەی بکە.

ENTER +ژمارەی تەلەفۆن+ ENTER +ژمارەی میمۆری(20تا29)+ MEM

وەستاندنی پەیوەندی کردن لەکاتی چالاک بووندا

دەتوانیت ئامێرەکە بوەستێنیت لەڕێگەی ناردنی نووسراوی(*OK0000*)لەکاتی چالاک بوونی ئامێرەکەو پەیوەندی کردن.هەروەها (*DI0000*)بەکاربهێنە بۆ ناچالاک کردنی ئامێری دزگر کە بە پەیوەندیکەرەوە بەستراوە لەکاتی چالاک بوونی پەیوەندی کردن.

گۆڕینی ناوی ئینپوتەکان(TRIG)

دەتوانیت ناوی ئینپوتەکان(TRIG) بگۆڕیت بەپێ ی ئارەزوومەندی بەهەریەک لەزمانەکانی(کوردی)یان(ئینگلیزی)کە زیاتر نەبێت لە٤٠ پیت.پەیوەندی تۆمارکردنی نووسراوی کورتەنامە(SMS) بۆ ئینپوتەکانی یەکەم تا چوارەم، وە بچڕاندن و بەیەکگەیاندنی بە کارەبا و هێڵی تەلەفۆن دەبێت،کەبەپێ ی ئەم فەرمانەی خوارەوە پێویستە بەشێوەی جیا جیا بۆ ئامێرەکە بنێررێت.

نووسراوی ئارەزوومەندی بۆTRIG1	.... *MA 0000*
نووسراوی ئارەزوومەندی بۆ TRIG2	.... *MB 0000*
نووسراوی ئارەزوومەندی بۆ TRIG3	.... *MC 0000*
نووسراوی ئارەزوومەندی بۆ TRIG4	.... *MD 0000*
نووسراوی ئارەزوومەندی بۆ بچڕانی هێڵی تەلەفۆن	.... *ME 0000*
نووسراوی ئارەزوومەندی بۆبەیەکگەیاندنی کارەبا	.... *MF 0000*
نووسراوی ئارەزوومەندی بۆ بچڕانی کارەبا	.... *MG 0000*

سەرنج:نووسراوی پەیوەندیدار بە(TRIG5) توانای گۆڕینی نی یە.

بۆنموونە:بەناردنی فەرمانی(بزوێنەر0000MB*)لەکاتی چالاک بوونی ئینپوتی 2 (TRIG2)نامەی بزوێنەر بۆ بەکارهێنەرەکان دەنێرێت.نووسراوەکانی بچڕاندن وبەیەکگەیاندنی بەکارەبا و هێڵی تەلەفۆن بەشێوەیەکی سەرەتایی لە سەر ئامێرەکە بەزمانی ئینگلیزی تۆمارکراوە، لەکاتێکدا پێویست بە گۆڕینی زمان و نووسینی نوێ بکات، پێویستە فەرمانەکانی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە بەکاربهێنرێت.

کۆنترۆڵ کردنی ئاوتپوتەکان لەڕێگەی کورتەنامەوە(SMS)

بۆ داگیرساندن و کوژاندنەوەی هەر ئاوتپوتێک(Output)تەنها پێویستە بەپێ ی ئەم فەرمانانەی خوارەوە هەنگاو بنێیت:

R0000 (1تا6)ژمارەی ریلەی ON/OFF/NF(کاتی)

بۆ نموونە: داگیرساندنی ئاوتپوتی1 (OUT1)

*R1 0000ON

داگیرساندنی ئاوتپوتی5 (OUT5)بە شێوەی کاتی

*R5 0000NF

سەرنج:ئاوتپوتی5 (ARM)(OUT5)وئاوتپوتی6 (DISARM)(OUT6)وەک ئاوتپوتێکی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن،تەنها لەڕێگەی کورتەنامە(SMS)دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن.

لەکاتێکدا کەهەردوو ئاوتپوتی5(ARM)(OUT5)وئاوتپوتی6 (DISARM)(OUT6) کەبەئامێری دزگرەکەوە بەسترابێت ناتوانرێت وەک ئاوتپوتێکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن و تەنها بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێری دزگرەکە بەکاردە هێنرێت. (*HA0000*, *DI0000* , *AR0000*)

کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە و ئاوتپوتەکان لەڕێگەی پەیوەندی دەنگی

دوای پەیوەندی کردن بە ئامێرەکە و بیستنی دەنگی"وشە نهێنییەکە داغڵ بکە"وشەیەکی نهێنی "4 ژمارەیی"بەهەبوونی مەودا لەنێوانیاندا داغڵ بکە.بە دەست داگرتن لەسەر هەرکۆدێک بەیەک دەنگی ماوە کورت(One Beep) ئامێرەکە کۆدەکە وەردەگرێت و قبووڵی دەکات.(زۆرترین ماوەی نێوان داغڵ کردنی کۆدەکان ٣ چرکەیە).لەکاتی داغڵ کردنی وشەی نهێنی هەڵە بەبێ هەبوونی مەودا لەنێوانیاندا ئامێرەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیەکە دەپچڕێنێت.لەکاتێکدا ئەگەر وشەنهێنی یەکە دروست بێت بەیەک دەنگی ماوە کورت(One Beep)بەشێوەیەکی بەردەوام داغڵ بە لیستی کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە دەبیت و دەتوانیت ئاوتپوتەکان و چالاک کردن و ناچالاک کردنی ئامێرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە کۆنترۆڵ بکەیت :

بە هەڵبژاردنی ژمارە 1، ریلەی یەکەم دەکەوێتە کار گوێبیستی دەنگی پەیوەندیدار دەبیت بەدووبارە دەست داگرتن لەسەرهەمان دوگمە ریلەی (1)دەبچڕێت و گوێبیستی دەنگی پەیوەندیدار، بەهەمان شێوە ریلەی(2، 3، 4)لەڕێگەی ژمارەکانی (2، 3، 4)کۆنترۆڵ دەکرێت.ژمارە(5)بۆ چالاک کردن و ناچالاک کردنی ئامێری دزگرە، ئەگەر پەیوەندیکەرەکە بەئامێری دزگرەوە بەسترابێتەوە، بە هەڵبژاردنی ئەم ژمارەیە ئامێری دزگرەکە چالاک دەبێت و بەدووبارە کرتە کردن لەسەر هەمان ژمارە ناچالاک دەبێت (دەتوانرێت ژمارە (8)لەجیاتی ژمارە (5)بەکاربهێنرێت).وە بە هەڵبژاردنی ژمارە (6) ئامێری دزگرەکە نیوە چالاک دەبێت و بە دووبارە بە کرتە کردن لەسەر هەمان ژمارە ناچالاک دەبێت.لەتەواوی هەنگاوەکاندا ئەگەر کۆدی ژمارەی هەڵبژێردراو کە لەڕێگەی ئامێرەکەوە وەرگیراوە دەنگێکی بەرز و ماوە کورت(One Beep)دەگەڕێتەوە و دەنگی پەیوەندیدار دادەگیرسێت.ئەگەر ژمارەیەکت هەڵبژاردبێت، جیا لەژمارەکانی(1، 2، 3، 4، 5، 6، 8) ئەوا (٢ جار) ئەودەنگە بەرزو ماوە کورتە(One Beep)دەبیستیت.ئاوتپوتی 5 (ARM) (OUT5) و ئاوتپوتی6 (DISARM)(OUT6)تەنها بۆ ئامێری دزگر دیزاین کراوە و ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت لەڕێگەی پەیوەندی کردن و وەک ئاوتپوتێکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن.